لە ڕۆژی جیهانی شانۆدا وەرزێکی شانۆیی لە هەولێر سازکرا

لە ڕۆژی جیهانی شانۆ وەرزێکی شانۆیی بەڕێوەدەچێت، لەم بارەیەوە هیوا سوعاد بەڕێوەبەری هونەری شانۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند:جگە لەو نمایشانەی گرووپی گەنج بۆ شانۆ لەشارەکانی سلێمانی و دهۆک ڕێکیدەخات، لە هەولێر دوو نمایشی شانۆییان هەیە، یەکەمیان ئێرە کۆتاییە سەعات یانزەی ڕۆژی ٣/٢٦ لە نەخۆشخانەی ڕزگاری نمایشکرا، دووەمیش زەنگی ئاوی مەنگ سەعات ٤ ی ئێوارە لە باخچەی تەنیشت پارێزگا نمایشدەکرێت، ٣/٢٨ کۆڕبەندی هونەری عەنکاوە و تیپی شانۆی شمشاد دوو نمایشی شانۆییان لە عەنکاوە هەیە، لەیەکێکیان چەند دیمەنێکی شانۆیی ڕێکدەخرێت ودووەمیش شانۆیی (دەستوورو دەرهاوێشتن) ی بڕێخت نمایشدەکرێت، ٣/٢٩ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ ئاهەنگێکی خێزانی بۆ شانۆکاران ڕێکدەخات کەتیایدا فیلمی دیکۆمێنتی و شانۆگەری سوالکەر لە نووسینی بڕێخت ودەرهێنانی غازی غەفوور نمایشدەکرێت،ڕۆژی دواتریش شانۆگەری خەونە شینەکان لە نووسینی ئازاد ئەرگوشی و ئامادەکردنی حوسێن زارین و دەرهێنانی حوسێن زارین وبەکر مەعروف نمایشدەکرێت، لەڕۆژی ٤/٥

شانۆیی فێڵەکانی جەمۆ لە نوسینی مۆلێر و دەرهێنانی هیوا سوعاد نمایشدەکرێت، رۆژانی دواتریش شانۆیی فاوست وشازادە کەچەڵەکە لە دەرهێنانی تاریق ئاکرەیی نمایشدەکرێت ودواتر شانۆیی ئۆتێللۆ لە نوسینی شەکسپیر و دەرهێنانی دارا مەحمود نمایشدەکرێت ودوای ئەوەش تیپی شانۆی رۆژ شانۆی پەناهێنەکان لە دەرهێنانی مەسعود عوسمان نمایشدەکات،

فەرهەنگ غەفوور راگری پەیمانگای هونەرە جوانەکان رایگەیاند کە ئەوان لەرۆژی ٣/٢٨ پێشوازی لە شانۆکاران دەکەن وشیرینی دەخورێتەوە وباس لە میتۆدەکانی پەیمانگا دەکەن و چەند نمایشێکی شانۆیی کورت پێشکەش دەکەن و ئەو ئەو رۆژەی بەجەژن زانی کە پێویستە تیایدا ئاهەنگ بگێڕدرێت نەوەکو نمایشی شانۆیی تیادا بکرێت.

ماجید بەکریش خوێندکار لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان وتی: ئێمە پێنج نمایشی شانۆییمان ئامادەکردووە کە سەعات یانزەی رۆژانی ٣٠-٣/٣١ و١-٢/٤ لە هۆڵی کۆلێژ نمایشی دەکەن، شانۆییەکانیش لە دەرهێنانی(ماجید بەکر،سەعد سوعاد، ئاراس سیامند،فەرحان حەسەن وسلێمان گەڵالی) ین.

ئا: حەمە

ئەلیسا، شووی بە کوڕێکی ئیتاڵی کرد

بەپێی بابەتێکی گۆڤاری (سیدنی) کە لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگی لوبنانی سازیکردووە، ئەلیسا دەڵێت: ماوەی شەش مانگە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ (رۆجیە ماریۆی) نمایشکاری بەناوبانگی ئەو وڵاتە پێکهێناوە و هیچ کاتێکیش بیرم لە شووکردن نەکردبۆوە، بەڵام لەکاتی کلیپکردنی یەکێک لە گۆرانییە تازەکەم بەناوی (بتمون) و (اواخر الشتاء) پاڵەوانییەتی ئەو کلیپە بوو دوای تەواو بوونی ئەم گۆرانییە داوای لێکردم شووی پێبکەم و منیش رازی بووم هەر لە ئیتالیا ئاهەنگێکی بچووکمان سازکرد، شایانی باسە ئەو ئەلبوومەی هونەرمەند لە رۆژێکدا زیاتر لە هەزار سیدی لێ فرۆشرا.

جەژنی نەورۆز لە هۆڵەندا

لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٢١ لە هۆڵی شارەوانی شاری دەنهاخ پایتەختی ئیداری هۆڵەندا بە ئامادەبوونی نوێنەری پارێزگاری شاری دەنهاخ بەڕێز (Post Villa)، سەرۆکی کۆمەڵەی پێشخستن و گەشانەوەی هونەر بەڕێز (دی فرنتەر) ، چەندین باڵوێزی وڵاتانی تر لە هۆڵەندا باڵیۆزی عێراق بەڕێز (سیامەند بەنا) هەڵسا بە گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز سەرەتا سیامەند بەنا بەخێرهاتنی ئامادە بووانی کرد ، پاشان بە دوورو درێژی باس لە گرنگی مێژووی جەژنی نەورۆزی کوردی کرد . جێی باسە بەڕێز دکتۆر فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لەم ئاهەنگە پیرۆزە کرد هەر لەم بۆنە پیرۆزەدا فوئاد حسێن وتاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە تیایدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە باڵوێزی جیهان و کۆمەڵەی رەوەندی کوردی، هەروەها سوپاسی ئەرک و ماندووبوونی باڵوێزی عێراقی کرد بۆ سازدانی ئەم ئاهەنگە.

پاشان تیپی ئۆرکسترای ئەمستردام بەسەرۆکایەتی هونەرمەندی بەناوبانگی جیهانی (فرین تۆلفیفن) و هونەرمەندی عێراقی (ستار الساعدی) بە چەند گۆرانییەک ئاهەنگەکەیان رازاندەوە .

دلشاد سۆران / هۆڵەندا

گێتس خاوەنی ٤٠ ملیارە!

لە پێشبڕکێی دەوڵەمەنترین پیاوانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەمساڵ بیل گێتس بووە دەوڵەمەنترین پیاوی جیهان بە کۆکردنەوەی چەندەها ملیار دۆلاری ئەمریکی کە دەگاتە (٤٠) ملیار هەروەها (گێتس) خاوەنی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە و دەڵێت ئێستا ئەم کۆمپانیایە داهاتی لە ساڵانی پێشوو کەم بۆتەوە بەڕێژەی سەدا ٢٣، شایانی باسە، لیستی دەوڵەمەندەکانی جیهان بەمشێوەیە بوو ١- بیل گێتس بە کۆکردنەوەی (٤٠) ملیار دۆلار ٢- وارین باڤارینی رووسی بە کۆکردنەوەی (٣٧) ملیار ٣- کارلۆس سلیم بە کۆکردنەوەی (٣٥) ملیار دۆلار لە پلەی سێیەم هات و کە ئەویش خەڵکی مەکسیکۆیە.

دروستکردنی گەورەترین بازاڕ

وڵاتی قەتەر یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی کیشوەری ئاسیا بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک لە جیهان هەڵسا بە دروستکردنی گەورەترین بازاڕی هاوچەرخ لە وڵاتەکەی کە چەندین تایبەتمەندی جوان لەو بازاڕە نمونەییەدا دەبینرێت بە دروستکردنی مەلەوانگەیەکی فراوان لەنێو جەرگەی ئەو بازاڕەدا و چەندین هۆڵی سینەما و چەند یاریگایەکی بچوکی تۆپی پێ و هۆڵێکی گێم بۆ منداڵان و ئامادەکردنی سەرجەم کەلوپەلەکانی ماڵ،لە نهۆمی دووەمیش چەند کافتریایەکی تایبەت بۆ خواردنەوەی مەی و شەربەتی نایاب و لەگەڵ گەورەترین چێشتخانە کە گشت خواردنی وڵاتانی جیهانی تیادا دەبینرێت.

پشیلەیەک سواڵ دەکات!

ئێستا لە وڵاتی رووسیا زۆربەی کارەکانی مرۆڤ گیانەوەر دەیکەن، ئەوەی لەو وێنەیە دەرکەوتووە ئافرەتێکی بەتەمەن کاتێک بێهێز دەبێت لە سواڵکردن پشیلەکەی لە شوێن خۆیدا دادەنێت بۆ ئەوەی سواڵی بۆبکات.

دایکی کازم ساهیر ماڵئاوا

هونەرمەندی دەنگخۆشی عێراقی (کازم ساهیر) بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند کۆنسێرتێکی گۆرانی رووبکردە نیۆرک ،بەڵام بەهۆی هەواڵی کۆچی دوایی دایکی نەیتوانی کارە هونەرییەکانی تەواو بکات،دوای دوو رۆژ تێپەربوونی مەرگی دایکی گەیشتەوە قاهیرەی پایتەختی وڵاتی میسر و لەوێ رۆژنامەنووسان دیمانەیەکیان لەگەڵ سازکردووەو دەڵێت: من لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە باوکم ماڵئاوایی لێکردووین، بەڵام هیچ کاتێک پێوە دڵتەنگ نەبووم، بەڵام مردنی دایکم زۆر کاری تێکردم و ناتوانم تا ماوەیەکی زۆر بگەڕێمەوە نێو کارە هونەرییەکانم چونکە نەبوونی ئەو بۆ من برینێکی قوڵە لەسەر دڵم، دڵتەنگی زۆریشم لەوەدایە نەمتوانی بەر لەمردنی بۆ دواسات بیبینمەوە دەستەکانی ماچبکەم قەدەر خۆشەویسترین کەسی لێسەندم.

بیبەر بەسەر شوفێران دابەش دەکات

لە وڵاتی چین لەچەند رۆژی رابردوودا، پۆلیسی هاتوچۆ دەستیانکرد بە دابەشکردنی بیبەری توون بۆ ئەو شوفێرانەی کە لەناو ئۆتۆمبێلەکانیاندا خەوییان لێدەکەوێت بەمەبەستی بەردەوام هوشیار بوونیان لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا ئەم بیبەرەیان بەکارهێنا بۆ ئەوەی دووربن لە رووداوەکانی هاتوچۆ.

لەسەر ئازادی ژن بڕیاری ٢٠ ساڵ زیندانی بۆ دەرکرا

پیاوێکی ئەفغانی درایە دادگا بە بڵاوکردنەوەی نووسراوێک دەربارەی ئازادی ژنان لە وڵاتەکەیان، بەپێی بڕیاری تازەی ئەفغانستان زیندانی ٢٠ ساڵی بەسەردا سەپێنرا کە لە ساڵانی پێشوو هەمان دیاردە رووویداوە، بەڵام ئەوکاتە سزاکەی بە شێوەیەکی تربوو کە ئەویش لە سێدارەدان بوو بۆ ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە مافی ئافرەت دەکەن، ئێستا لەبەر زۆری رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەم سزایەیان بۆ ئەو کورە لاوە دەرکرد، چونکە تەمەنی ٢٣ ساڵە ئێستاکە.

ئۆتۆمبێلێکی نوێ بۆ پۆلیس خێراییەکی سەیری هەیە

تۆڕی سی ئێن ئێنی ئەمریکی هەواڵێکی بڵاوکردەوە، دەربارەی زیاتر بایەخدان بە پۆلیسی وڵاتەکەیان بۆ ئەم مەبەستە گرێبەستێکیان لەگەڵ کۆمپانیای کاربۆن مۆتۆرس گرێداوە کەوا ساڵانە زیاتر ٢٠٠٠ هەزار ئۆتۆمبێلی جۆریE7 بۆ دروستبکات و خێرایی ئەو ئۆتۆمبێلە لە ٣٠٠کم کەمتر نەبێت، لەماوەی ٦ چرکەدا دەتوانێت ١٠٠ کیلۆمەتر ببڕێت و جێگای تایبەتیش بۆ چەک ئامادە بکات و ئامێرێکی کۆمپیتەری دەنگی تیادا بێت بەزووترین کات بتوانێت ژمارەی بزوێنەری ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکار بگرێت، جگە لەمانەش جێگای تایبەتی بۆ بەندکراوان دابین بکات بۆ ئەوەی لە کاتی کەلەبچە کردنیان بۆ ماوەیەکی کاتی لەم ئۆتۆمبێلە دایانبنێن، ئێستا خاوەنی ئەم کۆمپانیایە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە دابینکردووە، نرخەکەشی ئاشکرا کرد کە بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک ٥٠ هەزار دۆلاری دەوێت.

چەند وێنەیەکی جوانی ئاژەڵان

وشەی یەکێرپ

ئا:سەفەر دۆڵەمەڕی

ئاسۆیی

١- ناوی ئەو گۆرانیبێژە
٢- لەگەڵ- شالیار
٣- سەودای نەخۆش- لە زستان دەبارێت- وسبە
٤- بە ئاگاو زیرەک
٥- کەمە(ت)-رەقص و هەڵپەڕکێ
٦- پان و بەرین- دراوی چین
٧- نەمان(پ)
٨- قیمەتی پەسند- وەکویەکە
٩- پاپۆڕ(پ)- نوێ(پ)
١٠- ئاوات- هێزو توانای دڵ- (چای)ی بێ سەر
١١- بێدەنگی و هێمنی- ئەندامێکی خێزانە

ستوونی

١- گۆرانییەکی ئەو گۆرانیبێژە
٢- برادەرو هاوڕێ-مە(پ)
٣- بروسکەی هەورە- شیاو
٤- وەکویەکە- دەریای عەرەب- ئازاد
٥- هەوا
٦- راوە(ت)- قاتی خانوو
٧- سێ پیت لە بەفر- رێگای کورت
٨- بیر- پزیشکی تایبەتی فیرعەون
٩- ژمارەیەکە- جەژنی کوردانە
١٠- رەو(ت)- خزمێکی نزیک- وەکویەکە
١١- چۆپان- پەرتووک



ئایا دەزانی؟

١- یەکەمین پارەی کاغەز لە ئێران لە ساڵی ١٨٩٠ چاپکراوە.
٢- یەک مێش هەنگوین دەبێت لەسەر (٢) ملیۆن گوڵ بنیشێت تا یەک بەرداخ هەنگوین دروستبکات.
٣- لە فنلەندا (٦٠٠٠) دەریاچە هەیە بۆیە ناویان ناوە هەرێمی دەریاچەکان.
٤- فەتح عەلی شای قاجار (١٠٨) منداڵیبووە، واتە ٦٠ کوڕ و ٤٨ کچ.
٥- لە زیمبابۆ لە کۆی پێنج کەس لە خێزانێک یەکێکیان تووشی نەخۆشی ئایدز دەبێت.

ئا: بەرۆژ شەوکەت

زانیاری

١- بەرزترین پردی جیهان لە وڵاتی چینە بەرزییەکەی ٥،٣٢ کیلۆمەترە و ناوی (دانگای بریدج)ە
٢- جەنجاڵترین فڕۆکەخانە لەجیهان لە نیۆرکە و ناوی (ئێم ئێس فریدۆم دەریا).
٣- پانترین بەرزە پردی جیهان لە سیدنی ئوسترالیایە کە ١٦ هێلی هاتۆچۆی ئۆتۆمبێلی تیادایە.
٤- گەورەترین هوتێل لە جیهان ناوی (لاس فیگاس) کە (٦٢٧٦) ژووری هەیە.

دەق و نۆتە

تێکست/ پیرەمیرد
ئاواز و گوتنی/ محەمەد ساڵح دیلان
بەنۆتەکردنی/ ئاریۆس حەمە سەعید

نـەورۆز



ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو بە گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو رەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
وا رۆژهەلات لە بەندەری بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا رووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین

ئا/ حەمە سەعید ئیبراهیم

گۆشتی مەیمونیش دەخورێت!

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامـــەی (هۆنگ کۆنگ ستاندرد) کە بڵاویکردۆتەوە دەڵێت: ئێستا لەوڵاتەکەمان راوکردنی مەیمونی کێوی بۆتە پیشەی سەرەکی راوکەرانی وڵاتەکەمان و رۆژانە چەندەها مـــەیمونی قـــەڵەو دەستگیردەکەن و دەیفرۆشنە خاوەن چێشتخانەکان بە نرخێکی گرانبەها و دانیشتوانی ئەو وڵاتە لایان بۆتە خواردنێکی بەسوود و کەم چەوری لە لەشی مرۆڤ، هەروەها خاوەنی چێشتخانەکان دەڵێن: ئێمە بە فرۆشتنی هیچ گۆشتێکی گیانەوەر ئەوەندە بازارمان لای خەڵک نەبووە بۆیە بە هەر شێوەیەک بێت دەبێت راوکەران رۆژانە بۆمان ئامادە بکەن.

شەقامێکی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە!

دوای ٨٠ ساڵ بەخۆشەویستەکەی شاد دەبێتەوە!

پیاوێکی سعودی بەناوی (موحەمەد عید) لەتەمەنی لاوییەتیدا دەچێتە داوای کچێک کە ماوەی چەند ساڵێک پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام بە هۆی نەریتی خێزانەکەیان بۆیەک نابن و ناچار پەنا دەباتە بەر هێنانی سێ ژن و دوای (٨٠)ساڵ لە تێپەربوونی ئەم خۆشەویستییە، بۆیەک دەبن بەپێ هەواڵێکی رۆژنامەی ریازی سعودی رایگەیاند کە ئەو پیاوە بڕیاریدا بوو بە مەرگ واز لەو ئافرەتە بێنێت ئێستاش دەرفەتێکی باشی بۆ رەخساوە و هەرسێ ژنەکەی لە ژیان نەماون ماڵئاواییان لە ژیان کردووە بەمشێوەیە توانیان دوای (٨٠) ساڵ لە چاوەڕوانی بەیەک شادبنەوە و زەماوەند بگێڕن.

کوردستان هەفتەی

جێگری سەرنووسەر
محەمەد وەسمان

دەستەی نووسەران
ئیسماعیل خالید گەلاڵی - محەمەد سەعید کوردە - هاوژین عومەر - سەباح شێخانی - محەمەد ردشاد - ئەژی چەتۆ حەسەن - بەهرام محەمەد (کاکل) - عەلی شێخانی- هێمن نوری- عیماد قادر

بەڕێوەبەری هونەری
کاوە فاروق

بەڕێوەبەری کارگێری
نەهرۆ عوسمان

نەخشەساز
تەحسین جەلال - سەنگەر حوسێن - شاخەوان جەعفەر - سۆزان محەمەد

بەرگ: سەربەست عومەر

پەیوەندییەکان
یاسین تەها

وەرگێڕ: هاوڕێ ڕەشید

ژمێریاری: نەجیبە سەلیم

سەرۆکی پەیامنێران: هێمن حەساری

پەیامنێران
شێروان عبدالخالق - هێمن محەمەد- شیڤان شێرزاد- هەولێر -ئاوات مەحموود- سلێمانی، سەردار زەنگەنە- کەرکووک، حەکیم بۆتانی- دهۆک، نزار گزالی- شەقلاوە- سۆران، حەمید قەلادزەیی-رانیە، دڵشاد سۆران- هوڵەندا

سەرپەرشتی چاپ
سەعد شکاک
سەید فەخرەددین

IT: هیوا یەحیا

هەفتەنامەی هەرێمی کوردستان
لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:
www.heremikurdistan.com
E-mail:heremi_kurdistan@yahoo.com

ناونیشان:
هەولێر -40 مەتری، نزیک فولکەی کشتوکاڵ
تەلەفون: **2531391**
نرخ (**500**) دینار